


# زمان لەشیعری نوێدا

ئەکرەم قەرەداغی

یەکێك لەو خەسڵەتە بنەڕەتیانەی شیعر لەجۆرەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکاتەوە زمانە. زمانی شیعریش، زمانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو زمانێکە راستەوخۆ خۆی بەدەستەوە نادات. بەمانایەکی دی ووشەکان پراوپڕ مانا فەرهەنگیەکانیان وەرناگرنو زۆر جار شاعیر ئاماژە یا هێما یا ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەکاردەهێنێت کە خوێنەر لەودیو ووشەکانەوە، ماناکان دەبینێتو بۆ مەبەستە راستەقینەکەی شاعیر دەچێت.

ئەم دیاردەی بەکارهێنانی زمانە، هەر لەکۆنەوەو لەسەرەتای پەیدابوونی شیعرەوە، شیعری جیاکردۆتەوە. تا کار لای هەندێك لەڕەخنەگرە کۆنەکان گەیشتبوە ئەو رادەیەی بڵێن، هەر شاعیرە "شەیتان" یا "جنۆکەی" تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو وشانەی بۆ دەهێنێتو بەردەوام بەژوور سەریەوەیەو وشەی تازەی دەداتێ!!.

راستە ئەم زمانە لەسەرەتادا لای هەموو شاعیرێك زمانێکی سادەو ساکارە، زۆرتر لەزمانە ساکارەکەی رۆژانەی خەڵکیەوە نزیکە، بەڵام کە ئەزمونەکانی شاعیر رۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێتو شاعیر هەنگاو بەرەوپێشەوە دەنێت دەبینرێت بەکارهێنانی زمانیش لای شاعیرەکە دەگۆڕێتو وردە وردە ئاستی بەکارهێنانەکە بەرزتر دەبێتەوەو جوانکاریو سنعەتی شیعری پێوە دیاردەبێت.

هەروەها گومان لەوەشدا نییە زمانی هەر شاعیرێكو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زمانە، لەشاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، ئەمەش بەپلەی یەکەم بەندە بەئەزموونی ژیانو ژینگەو شوێنەوارەوە، بۆ نموونە ئەو شاعیرەی هەموو ژیانی لەگوندو چیاکاندا بەسەربردبێت، زمانی شیعری گەلێك وشەی گوندییو چیایی لەخۆدەگرێت کە راستەوخۆ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شاعیرێکدا هەیە کە سەرتاپای ژیانی لەناوشارە گەورەکاندا بەسەربردووە، هەروەها ئەم زمانە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەخوێندنەوەو

خۆ پتەوکردنی شاعیرەوە هەیە بەردەوام بەزمانەکەی خۆی‌و هەوڵدان بۆ سود وەرگرتن لەئەزمونی شاعیرانی دی بەزمانی بیانی، چونکە تەنها بەهرەی شاعیریی بەس نییە بۆ ئەوەی کەسێك بکات بەشاعیرێکی بەرز، بەڵکو ئەوە پەیوەندییەکی زۆری بەپەرۆشی شاعیرەکە خۆیەوە هەیە بەدوای سود وەرگرتن لەئەزمونەکانی پێش خۆی‌و ئەزمونی شاعیرانی دیکەی جیهان‌و کەڵەکەبوونی ئەزمونە کەسیەکانی خۆشی لەو بوارەداو بەردەوام خوێندنەوەو بەئاگابوون لەگۆڕانکارییەکانی دنیای ئەدەب‌و شیعر بەتایبەتی، تا کار دەگاتە ئەو رادەیەی زمانی شیعری هەموو شاعیرێك دەبێتە پێناسەی ئەو شاعیرە، واتە زۆربەی جار لەگەڵ نەبوونی ناوی شاعیر بەسەر شیعرەکەیەوە خوێنەری شارەزای شیعری ئەو شاعیرە، دەیدۆزێتەوە کە هی ئەوەو پێویست بەناوەکەی ناکات.

ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لەخەسڵەتە بنەڕەتیەکانی زمانی شیعری نوێ بدوێین‌و خۆمان لەقەرەی زمانی شیعری پێشتر نادەین.

خەسڵەتێکی زۆر دیاری ئەم شیعرە نوێیە، نائاسانی تێگەیشتنیەتی لەلای خوێنەر، ئەم نائاسانی تێگەیشتنە، ئەگەرچی خوێنەرێکی زۆری لەخۆی کردووە، بەڵام بۆتە سیمایەکی جیاکەرەوەیی لەشیعری کۆنترو شیعری کلاسیکی.

هۆکاری سەرەکی ئەو تێنەگەیشتنە ئاساییەی خوێنەر دەگەڕێتەوە بۆ فەزایەکی پڕ لەتەمومژ کە دەوری شیعرەکە دەدات، ئەو فەزا تەمومژەش لەئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوەیە بەشێوەیەکی جیا لەبەکارهێنانی لەشیعرەکانی پێشتردا.

زمانی شیعری نوێ، لەزمانی چامەیەکی شیعری پەروەردەیی، یا فێرکاری جیاوازە، زمانێکە کە شاعیر پێی وایە کە نابێت راستەوخۆ بگاتە خوێنەر یا وەرگر، چونکە ئەو بەپێویستی نازانێت راستەوخۆ ناواخنی دڵی خۆی بۆ خوێنەر بکاتەوە، با خوێنەر خۆی سەرپشك بێت لەلێکدانەوەو شیتەڵکردن‌و بۆچوونی بۆ هەر دێرە شیعرێك یا بۆ هەر رستەیەکی شیعری.

بەکارهێنانی "هێما" یا "هێمای ئەفسانەیی" یا "داخزانی" ووشە لەپێشەوە بۆ دواوە یا بۆ ناوەندی رستە، یا "گەڕاندنەوە"ی ووشە لەدوای رستەوە بۆ پێشەوە، جۆرێك لەگرانی‌و قورسی بەشیعرەکە دەدات کە بەئاسانی خوێنەر ناتوانێت پەی بەو سنعەتە وردەی شاعیر بەرێت. بوونی ژمارەیەکی زۆر لە"هێما"و "سمبوڵی" ئەفسانەیی یا حکایەتی میللی، یا رووداوی مێژوویی، یا بەسەرهاتی کۆمەڵایەتی" بەو چڕوپڕیەی ئێستا لەشیعری نوێدا دەبینرێت جۆرێك لەهەناسە سواری‌و بارگرانی بۆ خوێنەر دروست کردووە، چونکە خوێنەری ئاسایی، ناتوانێت جێپەنجەی هەموو ئەو "هێما"یانەی شاعیر بەکاری هێناون بدۆزێتەوە، یا شارەزایی تەواوی لەو هەموو ئەفسانەو حیکایەتانەدا نییە کە شاعیر بەئاماژەیەکی بچوك خاڵێکی وردی لێ‌هەڵبژاردون‌و زیاتر ئەدەبی بارگرانی شیعرەکانی زیادکردووە، سود وەرگرتنی شاعیرە نوێیەکانە لەشیعری گەلێك لەشاعیرە ئەوروپیەکان کە گەلێك "ئاماژە"و "هێما"و "ئەفسانە"ی کلاسیکی میللەتانی کۆنی پێش خۆیان بەکارهێناوەو ئەمانە لەشیعرەکانیانەوە سودیان لێ دەبینن‌و زۆر جار راستەوخۆ بەکاری دەهێننەوە.

زمانی شیعر هەمیشە، ویستویەتی نامەو مەبەستی شاعیر وەك خۆی بگەیەنێت بەخوێنەرو خوێنەری لێ ئاشنا بکات لەهەمان کاتیشدا، نایەوێت ئەو نامەو مەبەستە لەقاڵبێکی ساردوسڕو بێ کوانودا بگەیەنێت بەڵکو هەمیشە لەناو

هەستێکی هونەری بەرزی جوانکاریدا خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت‌و وای لێ‌دەکات چەند جارێك بیخوێنێتەوەو چێژی لێوەربگرێت، ئەگەر هەر شیعرێك یەکێك لەم دوولایەنەی کەم بوو، ئەوا جۆرێك لە لەنگی پێوەدیار دەبێت هەروەك کەسێك کە بەیەك قاچ بڕوات وایە.

جوانی شیعر لەوەدایە کە هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی زمانەکە بەپێی پێداویستیەکانی رۆژانە بڕوات، زمان چەندە لەجوڵەدابێت، زمانی شیعریش ئاوا شان بەشانی دەڕوات، بەڵکو لەزۆر باردا شاعیری گەورە، بەدوای رەوتی زمانەکەوە ناڕوات بەڵکو بەردەوام پێشی دەکەوێت، ووشەی نوێ، دەربڕینی نوێی پێ‌دەبەخشێت‌و زمانەکە دەوڵەمەنترو جوانتر دەکات، هەر بۆیە گەلێك لەو توژینەوەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی پێشکەوتنی هەر زمانێك دەکرێت راستەوخۆ پەنادەبرێتە بەر لێکۆڵینەوەی زمان لای شاعیرە رەسەنەکانی قۆناغە جیاوازەکان‌و لەو مەودایەوە توانای دەربڕین‌و بەکارهێنان ووشەسازی زمانەکە دەزانرێت.

شاعیری رەسەن، هەمیشە نەك هەر پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەنەتەوەو خاکەکەیەوە هەیەو لەگەڵ رەوتی رووداوەکانیدا بەزیندوویی دەژی ئاگاداری سەرجەم گۆڕانکاری‌و مێژووەکەشیەتی بەو پێیەش توخمێکی دانەبڕاوە لەڕەوتی گۆڕانکاریەکانی جیهان‌و دەوروبەرو هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیوەندییەکی هاوتەریبی لەنێوان خودی خۆی‌و جیهاندا بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە دەبینرێت لەشیعری ئەو شاعیرانەدا، گەلێك لەڕووداوو گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەمی خۆی لەشعرەکانیدا ئامازەی پێکراوەو بەزیندوویی دەردەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شیعر بەردەوام لەململانێیەکی گەورەدا بووە لەنێوان واقعە کۆمەڵایەتییەکانی زمان‌و واقعە مرۆڤایەتیەکانی خودی خۆی‌دا، لەمەشدا شاعیر بەردەوام لەهەوڵێکی گەورەدا بووە بۆ ئەوەی زمانە کۆمەڵایەتییەکە لەچوارچێوە مرۆڤایەتیەکەدا بگونجێنێت‌و هەندێك جاریش لەمەدا تووشی دەستەوسانیەکی گەورەبوو، نەیتوانیوە ئەو هەستە مرۆڤیەی خۆی لەقاڵبی زمانە کۆمەڵایەتیەکەدا دەربخات ئەوەتا شاعیرێکی گەورەی وەك گۆران دەڵێت:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

پرسیارەکە لەوەدایە بۆ شاعیرێکی گەورەی وەکو گۆران ناتوانێت ئەو خەیاڵەی پێی مەستە لەچوارچێوەی هەڵبەستێکدا دایڕێژێت؟، ئایا ئەمە تەنها پەیوەندی بەبارە دەروونیەکەی شاعیر خۆیەوە هەیە، یا هەستە جوانکارییە هونەریەکە، ئەگەر ئەمەی دوایی بێت، بێگومان دەرگا دەکاتەوە بۆ نەگونجاندنی بوارە کۆمەڵایەتیەکەی زمان لەگەڵ مەودا مرۆڤایەتیەکەی‌دا، واتە تا چەند شاعیر دەتوانێت ئەو شەپۆلە هەستە قوڵەی لەوکاتەدا مەستی کردوە لەچوارچێوەی رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی زمانەکەدا پڕاوپڕ جێیان بکاتەوەو سەرجەم ئەو ئەندێشەو وێنەو بۆچوونانەی لەو ساتەدا هەیەتی بیخاتە ناو پانۆرامایەکی راستەقینەی دەرونیەوە.

گەلێك لەشاعیرەکانی دوای گۆران، هەوڵێکی زۆریان داوە فەزای شیعریان زیاتر بەربڵاوبکەن‌و زمانەکە بەشێوەیەکی وا بگونجێن کە نەبنە کۆیلەی‌و هەوڵ بدەن پڕاوپڕ پابەندی رێساو یاساکانی نەبن، بەردەوام کرداری شکاندن‌و دروستکردنەوەو خلیسکانی ووشەو گرتنەوەیان لەچوارچێوەیەکی گەورەتردا، هەروەها کردارە بەردەوامەکانی جێگۆڕکێ بەووشەو سەرلەنوێ دانانەوەیان‌و پێدانی مەبەستی نوێ بەووشە. بۆ نموونە ووشەی "ئاگر" لەشعری ئەم شاعیرانەدا

مەرج نییە مانا پڕاوپڕەکەی "ئاگر" بێت.. ڕەنگە بەدەها مانای جیاواز ببەخشێت. ئەم گەمەکردنە بەوشەو مەبەست جۆرێك لەئازادی دەربڕینی خوڵقاندوە بۆ دەرخستنی ناخ‌و پەنگ نەخواردنەوەی بەدەست زمانەوە. ئەم گەمەکردنە چ بەرێساو چ بەماناو مەبەستی ووشەکانەوە دنیایەکی نوێی لەشیعری نوێی کوردیدا خوڵقاندوە کە خوێنەر پێویستی بەتێگەیشتن‌و وردبوونەوەو شۆڕبوونەوە بەناخ‌و هەستی شاعیرەکەدا هەیە بۆ ئەوەی پەی بەدەربڕینە شاراوەکانی شیعرەکە بەرێت. هەر ئەم شێوازە نوێیە لەدەربڕیندا وای کردووە هەر شاعیرە خاوەنی زمانێکی شیعری تایبەتی خۆی بێت.

ئەگەر زمان لەنووسینێکی زانستی‌دا زمانی دیاریکردن بێت ئەوا لەزمانی شیعردا زمانی ئیحاو زمانی ئاماژەیە. شاعیر هەر بەدۆزینەوەی مەبەستی نوێ بۆ ووشەکان نەوەستاوە، بەڵکو پەنای بردۆتە بەر ووشەی نۆێش کە لەناو ناخی ڕەسەنی زمانەکە خۆیدا هەیەو خوێنەر ئاشنایان نەبوە، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە کە ریسالەکانی زمانە بەشێوەیەك نەرم بکاتەوە کە لەگەڵ ڕەهەندە شیعریەکەیدا بگونجێت. بەڵکو ئەو پەیوەندییانەی لەناو ووشەکان خۆیاندا هەیە تێکیان دەداتەوەو سەرلەنوێ ریتمێکی نوێیان پێ‌دەبەخشێت بەجۆرێك کە سیماو خەسڵەتێکی نوێیان لەبەردەکات‌و سەرلەنوێ بەشێوازو فۆرمێکی تازەوە دەردەکەون‌و ئەمەش بەردەوام بۆ شاعیری ڕەسەن دەبێتە سەنعەتێکی دیارو لێی جیانابێتەوە.

بۆ دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە نوێیانە لەنێوان ووشەکان خۆیاندا، شاعیری نوێ بەردەوام پەنادەباتە بەر "وێنەی شیعری"، ئەم پەنابردنە چەند لەپێناوی بینای شیعرەکە خۆیدا بووە ئەوەندە لەپێناوی ئەو جیهانە پڕ ووشەیەدا بووە کە شاعیر ویستویەتی بەتەواوی‌و بێ هیچ پەیوەندێك ئازادانە باڵەفڕێیان پێ‌بکات. بەشێوەیەك وێنەی شیعری بۆ شاعیری نوێ هەمیشە بۆتە ئارامگایەك بۆتە باوەشێکی گەرم‌و ئامێزێکی جوان بۆ ووشە شیعریەکان، چونکە ئەو یاخیبوونەی شاعیری نوێ لەزۆرێك لەرێسا بنەڕەتیەکانی زمان ناچاری دەکات کە گۆتە نوێییەکان لەناو "وێنەی شیعری" هەمەچەشن‌و هەمەجۆردا جێبکەنەوە، پەیوەندی ووشەکان بەیەکترییەوە، پەیوەندی دێڕەکان لەناو خۆیاندا تا دەگاتە پەیوەندی کۆپلەکان بەیەکترییەوە سەرلەنوێ بەشێوەیەکی نوێ داڕێژنەوە، بۆیە "وێنەی شیعری" لای شاعیری نوێ نەك هەر کەرەسەی داهێنانی شیعرێکی ڕەسەنە بەڵکو کوانویەکی گەورەی وشەی شیعریشە.

ئەم پەیوەندییە نوێیەی نێوان ووشەکان خۆیان‌و دێڕەکان بەیەکەوەو کۆپلەکان لەگەڵ یەکتریدا وای کردووە پەیوەندییەکی دینامەکی لەنێوانیاندا پێکبێت‌و شیعرەکە لەپچڕ پچڕی‌و دابڕان دوربخاتەوەو جیهانێکی داڕێژراوی کۆنکریتی زمان لەبەرگێکی نوێیدا بهێنێتە کایەوە.

ئەم جیهانە داڕێژراوەش. دەرگای لەبەر ئەم شاعیرەدا والاکردووە، کە ببێتە خاوەنی فەرهەنگێکی شیعری بەربلاو، کە لەلایەك وەك کانیاوی زمانی نەتەوەکە دەکەوێتەوەو لەلایەکی دی ئەفسونێکی روحی باڵی بەسەر شیعرەکەدا دەدات‌و تام‌و چێژێکی لەبیرنەکراوی دەداتێ. ئەمە سەرەڕای پەنابردنە بەر "هێما"ی یەك لەدوای یەکی ئەفسانەو ڕووداوەکانی دەوروبەری جیهان، شیعری لەقاڵبە تەسکە کلاسیکیەکە گواستۆتەوە بۆ دەشتێکی پان‌و بەرین کە شاعیر بەئاسانی بەناویدا دێت‌و دەچێت. گومان نیە لەمەدا وەستایی سنعەتی شیعر لای شاعیر چەندە بەهێزبێت ئەوەندە ئەم هاتوچۆیەش دیارو جوان دەکەوێتەوە، چونکە

ئەگەر ئەم وەستاییە لەسیفەتی دارشتنی وێنە شیعرییەکانو ئاماژە بۆ "هێما"ی ئەفسانەو ڕووداوەکان نەبێت، شیعرەکە خۆی لەخۆیدا دەبێتە فەرهەنگێکی ساردی ووشەگەریو هیچ رۆحێکی زیندوی تێدا نابێت کە بچێتە ناو قولآیی ناخی خوێنەرەکەیەوەو بەمردوویی لەدایك دەبێتو بەمردویش لەبەرچاوان ون دەبێت. بەپێچەوانەی وەستای بەتواناوە کە هەمیشە ئەو پەیوەندییە رۆحیە چەند لەنێوان وشەکان خۆیاندا دروست دەکات ئەوەندە "هێما"و "ئاماژەکان" بەیەکەوە گرێ دەدات جیهانێکی ئەفسوناوی ستاتیکی شیعری لەوێنەو خوازەو چەمكو گۆتە نوێیەکاندا دەهێنێتە ئاراوە، هەموو دەرگاکانی رۆح لەبەردەم خوێنەردا ئاوەلآ دەکات بۆ ئەوەی یەك یەك لێیان بچێتە ژوورەوە. ئەی شیعر خۆی چییە؟ ئەی شیعر دەرگا والآکانی رۆحی مرۆڤ نییە؟

بەشێکی زۆری ئەو تەمومژەش کە لەهەندێك لەشیعرە نوێیەکانی ئەم سەردەمەدا دەردەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو ئاماژە یەك لەدوای یەکانەی شاعیر بە"هێما" و "دەستەواژە"و "وشە شیعرییەکان" کە لەئەنجامی دەوڵەمەندی ئەزموونو توانای شاعیرەکە خۆییەوە دێت.

بەشێکی زۆر لەشاعیرە نوێیەکان داوا دەکەن کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بەشداری ئەزموونەکەیان بکاتو تێکەڵیان بێت، واتە خۆی هەوڵی ئەوە بدات شیعرەکە هەڵوەشێنێتەوەو یەکەیەکە توخمە سەرەکیو لاوەکیەکان لەیەکتری جیابکاتەوەو سەرلەنوێ بەشداربێت لەخوڵقانەوەی شیعرەکەدا بۆچوونە ناو فەزاکەی شاعیرەو لەناو ئەو گەردونەیدا بۆ چەند ساتێك بمێنێتەوە.

بەلآم جێی داخە هەندێك لەو گەنجانەی کە تازە بەتازە دێنە ناو جیهانە بەرفراوانەکەی شیعرەوە. ئەم تەمومژو وشە گەراییە دەقۆزنەوە بێ ئەوەی ئەزمونێکی راستەقینەی شاعیرییان هەبێت یا تێڕوانینێکی دیارو ئاشکرایان بۆ رووداو هێماو ئەفسانەکان هەبێتو تەنانەت زۆر جار بێ بەهرەی شیعریشن، بۆیە زۆربەی جار دەبینین ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن شیعر، هەموو شتێکە شیعر نەبێت، ئەمە وای کردووە زۆر جار نەك خوێنەری ئاسایی بەڵکو خوێنەری باشی شیعریش لەشیعری نوێ بتۆرێتو تەنها بەمەتەلی ووشەگەری بێ مەبەستی بزانێت.

تەمومژی راستەقینە لەقوڵی ئەزموونەکانی شاعیرو تێڕوانینو خەونە درێژەکانی خۆیەوە دێتە گۆڕێ نەك بەتەنها لەڕیزکردنی ووشەی یەك لەدوای یەکی بێ مانا. تەمومژ لەشیعری نوێدا بۆتە بەشێکی دیار لەسترەکچەری شیعرەکەو کارلێکێکی جەستەییو رۆحی لەگەڵ هەموو جیهانە بەربلآوەکەی شیعردا دەکاتو هەموو پێکهاتە زیندەکانی شیعرەکە هەر لە هێماو خەونو وێنە شیعریو پەیوەندییە رۆحیەکانی نێوان ووشەو رستەو دێروبڕگەکانەوە دەکاتە ئاوازێکی هەمیشە زیندو بۆ دنیاکەی خۆیو هەرگیز لەخوێنەر دادەپچڕێتو لەتاریکیو شەوەزەنگی تەمومژەکەدا جێی ناهێڵێت، بەڵکو دەستی دەگرێتو دەیخاتە ناو یەکەیەکەی ژوورەکانەوەو لەپاشدا پەنجەرەو دەرگاکانی لەسەر دەکاتەوەو پێی دەڵێت ئەمە منمو فەرموو لەبەردەمتدام. چونکە لای ئەو دالو مەدلول جیهانە کە دەخوڵقێنێت، لای ئەو سیمانتیك جیهانە نوێییەکەیە نەك مانا بەرووتی، لای ئەو ووشە کە بەڕووتی چەمکێکی حەقیقی نیە، ئەگەر ئاماژە نەبێت بۆ هێمای رووداوێك یا سیمانتیکی خەونێك هیچ نابەخشێت. چونکە سمانتیکی خەون ئەو جیهانە بەربلآوە بەشاعیر دەبەخشێت کە زۆربەی جار لەسەر زەوی نایدۆزێتەوە، پەنابردنە بەر سیمانتیكو پشتگوێخستنی مانای راستەوخۆ ئەو

بەرگە تەم‌ومژە جوانە دەخولقێنێت، چونکە ئەو جیهانە سیمانتیکەی شیعر دەستی شاعیر نابەستێتەوە، دای ناخات، بەڵکو دەیکاتەوەو دەیبات بەرەو قولایی‌و لەڕوخسارییەت‌و پێکهاتە رووکارەکان دوری دەخاتەوە، نزیکی دەخاتەوە لەڕۆحی گەردوون خۆی‌و هەست‌و نەستە مرۆییەکان بەگشت لەباوەش دەگرێ‌و لەگەڵ ئازارو ئاواتەکانیاندا دەژی. چونکە هەمیشە ووشە بەتەنها لای شاعیر بێ مانایە، چەمکێکی گشتگیری سەراپایی نیە، پارچە پارچەو بێ هەستە، هەستی راستەقینە لای ئەو دنیا ئەفسونییەییە کە لەڕێگای خەونە قوڵەکانەوە بۆ خۆی پێکی هێناوە، ئەو ئاماژە زۆرانەیە بۆ یەکە تایبەتی‌و گشتیەکانی ئەو جیهانەی تیایدا دەژی ورۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لەوردبینی‌و سەرنجدان‌و روانینەکانی ناو ناخ‌و هەناوی هەستە قوڵە شاراوە نادیارەکانی مرۆڤ خۆیەوە کە یەکە یەکە دەیاندۆزێتەوە، دەیاندوێنێ، گەمەیان لەگەڵدا دەکات، دەیانخاتە پێکەنین، یا ساتە ساتە لەگەڵیاندا دەگری، ئەو هەمیشە لەو جیهانەی خۆیدا دەژی لەوێشەوە دەڕوانێتە سەرتاپای جیهانە گەورەکەو بۆی دەژی.

شاعیری نوێ، ئازارەکان، خەمەکان، گرفتەکان، کێشە هەنوکەییەکان، سکالاکانی دەروونی خەڵك، لەباوەش دەگرێت، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەو کامێرایەی وێنەکانی پێ‌دەگرێت لەکامێرای ئاسایی جیایە ئەو ناخ دەخوێنێتەوە، کامێرای ئاسایی روکار، ئەو هەست دەگرێت، کامێرای ئاسایی روخسار، ئەو نەستەکان دەردەخات، کامێرای ئاسایی روەکان..